**سەبارەت بەو رەخنانەی کە ئاراستەی خاتوو مەهاباد قەرەداغی دەکرێ:**

# ژن و دەسەڵاتداری لە ناوەندەکانی بڕیاردا

(دوکتۆر روئیا تلوعی)

کێشەی ژن و پرسی چەوسانەوەی بە درێژایی مێژوو بەردەوام بووە و خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی ژنان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش هەر بەردەوامە.دیارە لە رەوتی ئەم خەباتەدا، نە یاران بە هەموو شێوەیەك وەك سووکایەتی و جنێو و تۆمەت و بێ ئابڕوو کردن و تیرۆری کەسایەتی و تەنانەت تیرۆری فیزیکی و لەناوبردن، بەرنگاری ژنان بوونەتەوە. گرنگ ئەوەیە کە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان بەم هەموو کەندوکۆسپەوە هەر بەردەوامە و خەباتی ژنان و رۆژ لە دوای رۆژ خەریکی گەشە کردنە. ئەزموونی ژنان لە رۆژئاوادا سەلماندوویەتی کە تەنیا مافی دەنگدان ناتوانێ وڵامدەری دەسەڵاتی ژنان و چارەسەری کێشە و گرفتەکانیان بێت؛ هەر بۆیە پاش مافی دەنگدان فمینیستەکان روویان کردە چالاکی سیاسی. بە داخەوە سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی لە دابەش کردنی دوو پانتای گشتی و تایبەتیدا بەشێکە لە پانتای گشتی و بە تەواوی پیاوانەیە. ژنان بۆ هاتنە نێو پانتای چالاکی سیاسی و دزەکردن لە ناوەندەکانی بڕیاردا رووبەڕووی راوەستاوی و رێگری پیاوان بوونەتەوە. هەر بەم هۆیە فێمینیستەکانی شەپۆلی دووەم لە شەست و حەفتاکاندا نائومێدی خۆیان لە ناوەندگەلی فەرمی سیاسی بۆ وەرگرتنی ژنان و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی مافی ژنان راگەیاند (بەتایبەت بزاڤی فێمینیستی فەرەنسی MLF). هێزی ژنان چڕکرا لە سەر چالاکی سیاسی نافەرمی کە بە پێچەوانەی سیاسەتی فەرمی کلاسیکەوە، هێزێکی کاریگەر بوو لە خوارەوە بۆ سەرەوەی هیرەمی دەسەڵات. «جودیت ئاڵێن» دەیوت کە فێمینیزم پێویستی بە دەوڵەت نیە. (فریدمەن، جین، فێمینیزم ١٣٨١:٥٦) ئەم رەوتە نەیتوانی بە تەواوی وڵامدەری کێشەکانی ژن بێت و هەر بەو هۆیە

کەسانێك وەك «لاوندواسکی»، «نۆریس»، «لیستەر» و «فیلیپس» دەستیان کرد بە نووسین لە سەر سیاسەت، مافی هاووڵاتێتی و دەوڵەت و سەرنجیان خستە سەر ئەوەی کە راگرتنی دەوڵەت پێویستە بەو هۆیەی کە دەوڵەت و ناوەندگەلی سیاسی فەرمی بەهەرحاڵ ئەو جێگایانەن کە کەڵك وەرگرتن لە مافی گشتی بەوانەوە بەستراوەتەوە. (هـ. س. پ)

«لیستەر» دەڵێ: ئەگەر فێمینیستەکان خۆیان لە بازنەی سیاسەتی نافەرمیدا سنووردار بکەن. مەترسی ئەوە هەیە کە بە پەراوێز خستنی ژنان هەر بەردەوام بێت. دیارە چالاکی سیاسی ژنان بەم شێوە «جیاواز» دەبێ بەڵام «یەکسان» نابێ. «ستەیسی» و «پرایس» (۱۹۸۱:۱۸۹) پێیان وایە: «ئەگەر ژنان بیانەوێ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای خۆیاندا بەدی بێنن، دەبێ هەوڵ بدەن بۆ وەرگرتنی دەسەلات. بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگاکان لە ژێر دەسەڵاتی نێرینە دان، هاتنە نێو پانتای سیاسی ژنان زۆر پێویستە بۆوەی کە بە دڵنیاییەوە دەبێ بزانن کە ناکرێ بۆ دەستپێکردن یا بە دیهێنانی ئاڵوگۆڕ چاوەڕوانی پیاوان بن. (هـ. س. پ)

ماوەی چەند ساڵە کە هەوڵی فێمینیستەکان بۆ گەیشتنی ژنان بە ناوەندگەلی بڕیاری سیاسی دەستی پێکردۆتەوە و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر یارمەتی ژنان دەدرێ بۆ ئامادە بوونیان. بۆ نموونە یارمەتی لە باری ئابوورییەوە بۆ ئەو ژنانەی کە خۆیان پالاوتووە، فێرکاری ژنانی گەنج بۆ هاندانیان بۆ کاری سیاسی، هەوڵ بۆ گۆڕانکاری لە یاساکان و دابینکردنی بەشێکی سەلماو وەك ۲۵٪ یا زیاتر لە کورسییەکانی پەرلەمان و مەقامە سیاسییەکان بۆ ژنان، ئەندامەتی ئەکتیڤی ژنان لە حیزبە سیاسییەکان بە مەبەستی چالاکی لە نێو خودی حیزبەکانەوە بۆ گۆڕانکاری سیستەمی سیاسی و زۆرکردنی رێژەی ژنانی نوێنەر و پەرلەمانتار، پێکهێنانی گرووپگەلی فیشار بریتی لە ژنان بۆ هاتنە نێو ناوەندگەلی نوێنەرایەتی و زەق

کردنـەوەی کێـشەی ژن لـە دەسـتوور و پـەیڕەو و پڕۆگرامـی حیزبـە خـاوەن دەسـەڵاتەکان، هەڵاواردنی پۆزەتیڤ بە بەرژەوەندی ژنان و هتد.

دیـارە پەسـند کـردن و بـەڕێوەبردنی کۆنڤانـسیۆنی لابردنـی هـەڵاواردن دژ بـە ژنـان CEDAW و پەیـماننامەی قەدەغـەکردنی توندوتیـژی دژ بـە ژنـان لـە لایـەن دەوڵەتانـەوە دەتـوانێ هـەنگاوێکی زۆر بـاش بـێ بـۆ چاکـسازی بـارودۆخی ژنـان بـەو مەرجـەی کـە هـەوڵی خـودی ژنانیـشی لەگەڵـدا بێـت، نـەك ژنـان بـە شـێوەی پەسـیڤ کەڵکی لێ وەرگرن.

ئیمـڕۆ دوو چـەمکی «سیاسـەتی دەنگـدان» و «سیاسـەتی هـەبوون» هاتۆتـە ئـاراوە، بڕێك لە فێمینیستەکان لە «سیاسـەتی هـەبوون» بـۆ سـەندنی بەشـی تایبـەت بـە ژنـان لـە بەرانبـەر «سیاسـەتی دەنگـدان» کـەڵك وەردەگـرن. «سیاسـەتی دەنگـدان» بـەو واتایـە کـە «نوێنـەری هەڵبـژاردراو» دەبـێ لـە بەرانبـەر ئەوانـەی دەنگیـان پێـداوە لـە ڕێگـای ئـەو سیاسـەتانەی هەڵیدەبـژێرێ و بـەڕێوەی دەبـا، وڵامـدەر بـێ و لێـرەدا گـرنگ نیـە جنسییەتی ئەو نوێنـەرە چیە. لـە «سیاسـەتی هـەبوون» شوناسـی نوێنـەر گرنگـە و دەبـێ نوێنـەری شـوناس و ئـەزموونی ئەوانـە بـێ کـە دەنگیـان پێـداوە. بـاس و خـواس لـە سـەر ئـەم دوو چـەمکە زۆرە. «ساپیـرۆ» و «دایـمۆند» و «هارتـساك» هەرچـەند بیـروڕای جیاوازیـان لـە سـەر ئـەم پرسـە هەیـە بـەڵام یەکـدەنگن لـە سـەر ئـەوەی کـە: ژنـان بـۆ نوێنەرایەتی ژنان لـە نێـو سـنوورەکانی سیـستەمی سیاسـی ئیـستادا باشتـرن؛ بـۆوەی کـە تـەنیا ژنـان دەتـوانن لـەو کێـشە و گرفتانـەی کـە ئاوێتـەی ژیـانی ژنـان بـووە و لـە پرۆگرامگـەلی سیاسـیدا نابینـدرێن، تێبگـەن. لـە لایـەکیترەوە «فیلیـپس» تـەنیا سیاسـەتی هـەبوون بـە تـەواو نـازانێ و دەڵـێ دەبـێ پێوەنـدی نێـوان سیاسـەتی دەنگـدان و سیاسـەتی هـەبوون بـبێ، تـاکو سیـستەمێکی دادپەروەرانـەی نوێنەرایـەتیمان بێـت. (هـ. س. پ)

## باشووری کوردستان، دەسەڵات، دیـموکراسی و پرسی ژن:

باشــووری کوردســتان لــە قۆنــاغێکی هــەرەگرنگی چــارەنووسســازدا خەریکــە بــەرەو دەســەڵاتی فیــدراڵی یــا ســەربەخۆ ( بزانیـــن لــە داهــاتودا چ دەبــێ؟) دەڕوا و لــە چــاخی بەجیهانیبووندا کـە رۆڵـی ژن لـە ناوەنـدی دەسـەڵات وەك پرسـێکی گـرنگ هاتۆتـە ئـاراوە، پێویــستە ژنــانی کــوردی ئــەو پارچــە هــەوڵ بــدەن بــۆ مــسۆگەر کردنــی بەشــی ژنــان لــە ناوەنــدەکانی بڕیــاردا. هەرچەشــنە کۆتــایی و پەســیڤ بوونێــك دەبێتــە هۆکــاری دواکــەوتن و پەشــیمانی، هــەروەها هەرچەشــنە هــەولێکی ئــەکتیڤ دەبێتــە مایــەی دەســتەبەرکردنی مــافی ژنــان و دەبــێ پێــشوازی لــێ بکرێــت. ئەگــەر ســەیرێکی دەوروبــەرمان بکــەین دەڕوانیــــن، کــە پــڕۆژەی رۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتی گــەورە خــەریکی بەڕێوەچــوونە. لــەم پــڕۆژەدا دیـــموکراتیزەکردنی ناوچــەکە ئامانـــجێکی ســەرەکییە، هەرچــەند کــە ئەمــە دیـــموکراسییەکی دڵخــوازی ئــەمریکا و زلــهێزەکانە. بــۆ گــەلی کــورد کــە نزیــك ســەد ســاڵە خــەبات دەکــات، دەرفــەتێك رەخــساوە کــە دەبــێ کــەڵکی لــێ وەربگرێــت. بەشــێکی سەرەکی ئەو پرۆژەیــەش بــۆ ژنــان تــەرخان کــراوە. بــەرزکردنی ئاســتی خوێنــدەواری ژنــان و فێرکــاری و ئامادەکردنیــان بــۆ پانتــای سیاســی بەشــێك لــەم پرۆگرامەیــە. ئیــستا بــۆ ژنــی کــورد باشتـــرە ئــەم دەرفەتــە بقۆزێتــەوە و هــەوڵی رزگــاری لــەم کۆیلــەتی و بندەســتییە بدات یا لەبەر ئەوەی پرۆژەکە ئەمپریالیستیە لێی گەڕێ و پەسیڤ بێت؟

واقعییەتەکانی ئەم زەمەنە جارێکـە ئەمەیـە چ بـە دڵمـان بێـت و چ بـە دڵمـان نـەبێت. ئیــستا لــە ناوچــەی رۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت دیـــموکراسی بــە تــەواوی لــە هــیچ شــوێنێك نابینــدرێ چ بگــات بــە کوردســتان کــە هێــشتا چارەنووســەکەی دیــاری نــەکراوە. لــە روانگــەی فەیلەســووفەکانەوە، دیـــموکراسی مەرامێکــە و دەبــێ وەك باوەڕێــك باســی لــێ بکرێ؛ هــەر بــەم هۆیــە دیـــموکراسی دەبــێ لــە هەڵــسوکەوت و روانگــەکانی مرۆڤــدا خــۆی نیــشان بــدات. کەواتــە دیـــموکراسی دەبێتــە بەشــێك لــە شوناســی تــاك و لــە تــەواوی

ڕەهەنـدەکانی ژیانیـدا خـۆی دەنـوێنێ. شوناسـی دیـموکراتیکی تـاك دەبێتـە هۆکـاری ئـەوەی کـە پێناسـە و بـاسوخـواس و لێکۆڵینـەوەکانی گیـرۆدەی لـۆجیکێکی دیـموکراتیك بـبێ و بـەم شـێوە دیـموکراسی ببێتـە واقیعێکـی هزروبیـری تـاك و چـارەنوسساز بێـت. (دهـشیار، حـسین، دمکراسـی در عـراق سـرنمی گیـرد، شـرق ش ٣٩٩، ص٨: ٨٣/١١/٥)

کەواتـە دیـموکراسی ڕاسـتەقینە کاتێـك بـەدی دێـت کـە بیـروهزر و کولتـووری تاکـەکانی کۆمـەڵگا دیـموکرات بـێ. بـۆ ئـەوەش دەبـێ هـەر لـە ئیـستاوە هـەوڵ بـدرێ. ژنان بـە تایبـەت دەبـێ لـەم بەشـەدا زۆر زۆر چـالاك بـن. دیـمرکراسییەك کـە بڕیـارە لـەم ناوچـەدا مـسۆگەر بێـت، ئـەو دیـموکراسییە ڕاسـتەقینە فکـری و ئەندێـشەییە نیـە، بـەڵکوو وەك سیـستەم و چوارچـێوەییەکی ئامادەیـە کـە دێتـە سـەر بەسـتێنێکی فکـری لاواز. ئێمە لەم هەلـەدا پێویـست ناکـا بڵێیـن ئـادەی دیـموکراسی بوەسـتە جـاری تۆمـان نـاوێ بـا سـەرەتا هزرەکانـمان ئامـادە کـەین! بـەڵکو دەبـێ لەگـەڵ قـەبووڵی واقیعـی دەروبەرمان هاوکات هەوڵ بدەین بۆ بە هێزکردنی فکر و کولتوورمان.

**ئاکامی ئەم باسە بوو بەوەی کە:**

١- بڕیار وایە سیستەمێکی دیـموکراتیك لە ناوچەکەدا دابـمەزرێ.

٢- کـورد دەبـێ ئـەم دەرفەتـە بقۆزێتـەوە و هـەوڵ بـدا مافـەکانی خـۆی بـە دەسـت بێنێ.

٣- ژنـان لـەم سیـستەمەدا بەشـدارن و دەبـێ هـەوڵ بـدەن بـۆ ڕزگـاری لـە کۆیلـەتی و بندەستی.

٤- ژنان بۆ ئەم ڕزگاریە لە دوو بەشدا دەبێ هەوڵ بدەن:

*ئـەلف)* دیـموکراتیك کردنـی بیـروهزر و ئەندێـشەیان، واتـە بردنەسـەری ئاسـتی زانیاری و ڕووناکبیـری.

بێ) هەوڵ بۆ بەشداری لە ناوەندەکانی بڕیاردەری دەسەڵات بۆوەی بتوانن ئالوگۆڕی بناغەیی لە سیستەمی پیاومەزنی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا بەدی بێنن و مافەکانیان بەدەست بێنن.

## دیدارەکانی خاتوو مەهاباد:

هەر لە سەر ئەم خاڵانە دیدار و هەوڵی خاتوو مەهاباد قەرەداغی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد لە هەر دوو هەرێمەکە (کە دەبوو یەك هەرێم بوایە و تا ئیستا ٣ دەورە هەڵبژاردنی بە خۆوە بدیبایە)، بە شتێکی نەگەتیڤ نابینم. نکوولی لەوە ناکرێ کە دەسەڵاتدارانی کورد (هەر وەك هەموو میللەتەکە) خاوەنی بیروباوەڕێکی بە تەواوی دیموکراتیك نین. دیارە کەم و کوڕی هەر هەیە و ئەم فەرهەنگە کاتی دەوێ تا بگۆڕێ و بە هەوڵ و تێکۆشانی بیلمەتەکانی ئەم جیلە لەوانەیە جیلەکانی داهاتوو بتوانن بە ئاسوودەیی بژین.

ئەوەی لەو رەخنانەی کە رووبەڕووی خاتوو مەهاباد کرایەوە (بە رەخنەی رووخێنەر و رەخنەی دروستەوە) ئەو پرسیارانەی لای من ساز کرد کە:

١- بۆ خاتوو مەهاباد تاوانباری چەشنی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی کوردە سەبارەت بە ژنەکانیان کە ئاوەها هێرش دەکرێتە سەر ئەو یا دوستان دەیانەوێ بە بووك بڵێن، خەسوو گوێی لێبێ؟ باشتر نیە ئەو رەخنانە راستەوخۆ و نەترسانە رووبەڕووی خاوەن دەسەڵاتەکان بکرێت؟

٢- ئایا خاتوو مەهاباد و تەواوی ژنانی چالاکی ئەو ناوچەش هەوڵ بدەن کە ژنانی خێڵ و عەشیرە و بنەماڵەیەکی تایبەت رزگار کەن یا هێزیان بخەنە سەر پەسند و بەڕێوەچوونی CEDAW و داخوازینامەی ژنی کورد کە هەموو ژنانی

کورد لە هەر خێڵ و بە دەر لە خێڵ کەڵکی لێ وەرگرن؟ بێگومان ژنانی خێڵی دەسەلاتداریش هەر کەڵکی لێ وەردەگرن.

٣- ئەگەر خاتوو مەهاباد سەرنجی سەرۆك حکومەتێك بەرەو کێشە و مافی ژن ڕاکێشێ، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرۆکە بە ڕای ڕەخنەگەران مۆدێرن نیە بەڵام ناچار بێت بیر لە پرسی ژن بکاتەوە چ ئیرادێکی هەیە؟ ئایا ئەو سەرۆکە مافی ئاڵوگۆڕ لە شێوازی بیرکردنەوەی نیە؟

٤- بە هۆی ناچاری بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیك لە ناوچەکەدا دەسەڵاتدارانی کورد هەر ناچارن بەشداری ژنان قەبووڵ کەن. جا ئەو ژنانە با ژنی ئازا و نەترس و دلێر وەك مەهاباد بن. ئایا وەزیربوونی مەهاباد چ زیانێکی بۆ کورد و ژنی کورد هەیە؟ با مەهاباد ببێتە وەزیر ئەگەر کاری چاکی کرد ڕێزی دەگرین و هەڵەی کرد ڕەخنەی لێدەگرین. بۆ لە دەسەڵاتداری ژنان دەبێ ئەوەندە پەرێشان بین؟

٥- بۆ بڕێك لە دۆستان هەموو شتێك ڕەشی ڕەش یان سپی سپی دەبینن؟ ئەگەر پێیان وایە مەهاباد ئەم ڕایە هەڵەی کردوە بۆ یەکسەر تەواوی چاکە و کارە باشەکانی رابردوویشی دەسڕنەوە؟ ئەگەر بە ڕای ئێوە مەهاباد هەڵەی کردوە، خۆ ئەویش وەك ئێوە مرۆڤە. ئایا بە هەڵەیەك یەکسەر هەموو ژیانی دەبێتە تاوان؟

٦- بەهەرحاڵ چ پێمان خۆش بێ و چ پێمان ناخۆش بێ، واقیعی دەسەڵات و کۆمەڵگای کوردی ئیستا ئەمەیە. هەوڵ بۆ چاکسازی بارودۆخەکە باشتر نیە لەوەی یەکسەر لێی گەڕێین با هەر چێك دەبێ ببێ؟ لە لای هەموو کەم و کوڕیەکان با خاڵە پۆزەتیڤەکانیشیان ببینین و ئەوانە بەهێزتر کەین. پشتیوانی دەسەڵاتداران لە پرۆژەی ژنی کورد و هەوڵەکانیان و ئامادەیی بۆ وڵامدانەوەی داخوازیەکانیان چ لە ناخی دڵیانەوە بێت و چ لە ناچاری، بەهەرحاڵ کارێکی

پەسندە. ئەگەر وەك رژێمی ئێران دژ بەو هەوڵانە رابوەستن، هیچ نەبێ کەندوکۆسپەکانی سەر رێگای ژنان زۆرتر ناکەن؟

٧- رەخنە دەتوانێ بە زمانێکی وا بوترێ و بنووسرێ کە ئەوپەڕی کاریگەرێتی باشی بێت یا خود بە زمانێکی توندوتیژ و هێرشاوی بێت کە نەك کاریگەر نەبێت بەڵکو ببێتە هۆکاری وەستانەوەی زیاتر لە بەرانبەریدا. ئایا وشەگەلی «فێمینیست خان» و «خانم گارانتی» و «ئەمە بوو فێمینیستەکەت» رەخنەیە یا هێرش؟ ئایا ئەو وشانە لە رێزی کەسایەتی نووسەرەکەی کەم ناکاتەوە؟

وەرن با بە زمانێکی لۆجیك و دیموکراتیك پێکەوە قسە بکەین؛ بە هێرش و سووکایەتی هیچ شتێك چاك نابێ.

## سەرچاوەکان


١- دهشیار، حسین، دمکراسی در عراق سر نمی‌گیرد، روزنامە شرق شمارە ٣٩٩ تاریخ ٨٣/١١/٥ ص٨

٢- فریدمن، جین، فمینیسم، ت فیروزە مهاجر، تهران، نشر آشیان ١٣٨١

٣- وتارەکانی خاتوو مەهاباد سەبارەت بە دیدارەکانی لەگەڵ کاك مەسعوود و کاك نەچیروان و کاك کۆسرەت.

٤- ئەو وتارانەی لە سایتی کوردستانپۆست- کوردستاننێت دیمانە و کلاورۆژنەدا لە سەر ئەو دیدارانەی خاتوو مەهاباد تا ئەمڕۆ (٢٠٠٥/٢/٢٥) بڵاو کراوەتەوە.


## ★سەرنج

من خۆم وەك ژنێك رەخنەم لە داخوازینامەی ژنی کورد هەیە بەڵام ئەو رەخنەیە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە چالاکییەکانی خاتوو مەهاباد و دۆستانی لە بەرچاو نەگرم و یەکسەر نەیاری بنوێنم لە بەرامبەریاندا.